تا کەی هەڵۆ؟

قادر عەلی خا
(بۆکان)

لە ڕەوتی ژیاندا هەموو نەتەوەیەک، بە پێی هەلومەرج و چێژ و حەزی خۆی، شتگەلێکی وەک هێما و ڕەمزی ژیانی خۆی هەڵبژاردووە و ئەم هەڵبژاردنەش بووەتە میراتێک بۆ داهاتووەکان و ئەوانیش خۆشەویستی و پیرۆزی ئەم ڕەمز و هێمایانەیان پاراستووە و ڕێزیان بۆ داناوە.

ئەم هێما و ڕەمزانەش هەمیشە بۆ ئەو نەتەوانە وەک خاڵێکی بەهێز و پاڵپشتێکی مەزن سەیر کراوە و باشترین و پیرۆزترین کەسەکانی خۆیان بەو ڕەمز و هێمایانە چووواندووە و بە چاوی ئەوانەوە سەیری خۆشەویستان و ئازیزانی خۆیان کردووە، ئەم ڕەمزانەش لە هەر بوارێکی ژیاندا جیاوازییان تێدایە و گۆڕانیان بە سەردا دێ. بۆ وێنە ڕەمزی کارکردن، ڕەمزی ئاشق بوون و جوانی، ڕەمزی ڕاکردن و بە ڕێدا ڕۆیشتن، ڕەمزی چاکە و پیاوەتی و ڕەمزی ئازایەتی و خەبات و گیان بەخت کردن.

ئەمانە هەر یەکەیان بۆ خۆیان ڕەمز و هێمایەکیان هەیە و هەر بەو هێمایانەشەوە پێیاندا هەڵدەگوترێ، هەروەها لە بەرانبەر ئەم شتە جوان و پاکانەی کە باسمان کردن، زۆر شتی دزێو و ناحەزیش هەیە کە ئەوانیش ڕەمزگەلێکیان بۆ داناون کە بەو ڕەمزانەوە لێیان دەدوێن و باسیان لێدەکرێت وەک ناحەزی، دزێوی، سەقیلی و قرنیسی، خوێڕیەتی، ترسنۆکی، سەرشۆڕی و حیزی، ئەوانەش بەشتگەلێک دەچووێندرێن کە شیاوی ئەوانەن، زۆر گیانلەبەر هەن کە لەبەر هۆی بارودۆخی باش و جوانی جەستەییەوە بوونەتە ڕەمز و هێمای جوانی و ئازایی و دلێری، وەک هەڵو و پڵنگ و شێر و ئاسک و تاووس و کەو، هەروەها زۆر گیانلەبەریش هەن هەر بەو هۆیانەی کە لە سەرەوە باسم کردن بوونەتە ڕەمزی ناحەزی و دزێوی و ترسنۆکی، وەک قاڵاو و قەل و کەمتیار و مەیموون. لە وڵاتی ئێمەدا هەمیشە مرۆڤە ئازاکانمان بە



هەژار

پلنگ و شێر و هەڵۆ چووانووە، ئەم ناوانەش لە لایەن هەموو مرۆڤێکیشەوە بەشانازی و سەربەرزییەوە وەرگیراون و پێشوازییان لێ کراوە.

ئەوەی کە پلنگ و شێر و هەڵۆ بۆ ئێمە ڕەمزی ئازایەتین، دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرج و شوێنی هەڵکەوتەی ژیانمان. لەبەر ئەوەی کومەڵگای ئێمە زیاتر کۆمەڵگایەکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵییە و هەر لەبەر ئەوەشە ڕەمزەکانمان زیاتر گیانلەبەرەکانی نێو سروشتی دەوروبەرمانن.

مێژوویەکی دوورودرێژە ئێمە ناچارین بە چنگ و ددان بەرگری لە خۆمان و هێلانە و زێدمان بکەین. ڕەمزی مانەوەی ئێمەش هەر ئەم ورە و هێزە نەترسی و ئازایەتییە بووە. هەر کە سەرهەڵدێنی و دەڕوانی، ڕابردوویەک لە خوێن و خەبات و بەرەنگاری دەبینی، لەم هەلومەرجەدایە تۆ دەبێ هەست و ڕوحی هەڵۆ و شێر و پلنگ ئاوێتەی هەست و ڕوحی ورەی جەنگاوەرەکانت بکەیت و بەو هەستەوە بۆ خەبات هانیان بدەیت.

ئێمە لێرەدا بە هۆی ئەو هەلومەرجەی باسم کرد، کەمتر کاتی ئەوەمان هەبووە بە شوێن جوانیدا بگەڕێین و خۆمان و ژیانمان و ڕوانینمان بۆ دیتنی جوانی و جوانییەکان تەرخان بکەین، هەرچەندە لێی غافڵ نەبووین، بەڵام هەلومەرجی سەختی ژیان بە تەواوی کاتی ئەوەی پێ نەداوین و بواری ئەوەی بۆ نەڕەخساندووین، هەمیشە جوانیشمان وەک ئازایەتی و بوێری و نەترسان دیوە و ڕێزمان بۆ داناوە، نوقڵی زۆربەی کۆڕ و کۆزبلکەکانمان هەر باسی جوامێری و نەپرینگانەوە بووە، هەر بەم پێیەش هەوێن و کاکڵی زۆربەی شیعرە حەماسی و شۆڕشگێرانەییەکانمان، ناوی هەڵۆ و پلنگ و بەور و شێر بووە. کاتێک باس لە جوامێری کەسێک، یان کەسانێک کرابێت، بێ ئەم لا و ئەولا بە شێر و بەور و هەڵۆ چووێنراوە و بە هەوێنی ئەو نێوانەوە باسەکە ڕازاوەتەوە و تیف تیفە دراوە.

ئەوەی ئەگەر چەند شاعێرێک بێن و لە چەند گۆشەنیگای جیاوازەوە و هەر یەکەی بە پێی ڕوانین و بۆچوونی خۆیان لە شتێکی تایبەت بڕوانن و بیکەنە هەوێنی شیعرەکەی خۆیان، شتێکی زۆر سەیر و سەرسووڕهێنەر نییە. وەک ساقی و مەی، شەمع و گوڵ و پەپوولە. کە زۆربەی شاعیرانی ڕابردوو کەڵکیان لەم هێمایانە وەرگرتووە، بەڵام هەر یەکەو بە جۆرێک، یەک یاری سەر زەوی پێ چووانووە و یەک یاری ئاسمانی خۆی، بەڵام ئەوەی چەند شاعێرێک بێن و باسێکی تایبەت بکەنە هەوێنی شیعرەکەیان و هەر یەکەو لە ڕووی دەستی شاعیرێکی تایبەتەوە باسێک کۆپی بکا و هەر وەک شیعری سەرچاوە لە باسێک و ڕووداوێک بدوێ. ئیتر ئەوە تا چ ڕادەیەک شیعرێکی سەرکەوتوو دەبێت و چ چێژێک بە خوێنەرەکەی دەدات کە چەند ساڵ لەمەوبەر ئەو باسە و سەرگوزەشتەی لە زمانی قەڵەمێکی ئاسمانی و دەوڵەمەندەوە بەر گوێچکە کەوتبێ و چێژی لێ وەرگرتبێ و زۆر کەسیشی کردبێتە هەوێنی ژیان و مانی. وەک شیعری ((هەڵۆ هەر بەرزە))کەی مامۆستا هەژاری نەمر کە خەریکە ژمارەی ئەو شیعرانەی کە لە ڕووی دەستی ئەو کۆپی دەکرێنەوە جار لەگەڵ جار دەچێتە سەرێ و کۆتاییشیان نایە. ئەوەی جێگای سەرنج و لێ ورد بوونەوەیە ئەوەیە، کە تەواوی ئەو کەسانەی ئەو شیعرەی هەڵۆیان نووسیوەتەوە هەر بە زاراوەی موکریانی بووە و ئەو شاعیرانەش شوێنی هەڵکەوتی ژیانیان هەر لەو ناوچەیەدا بووە. هیچ کامێک لەو شاعیرانەی کە بە زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردی شیعر دەنووسنەوە ئەو کارەیان نەکردووە! دیارە وشەی هەڵو و ڕوحە بەرزە فڕەکەی، هەموو کەس ئازادە لە گۆشەنیگای خۆیەوە لێی بڕوانێ و بە شێوەی هەستی دەروونی خۆی لێی بدوێ و باسی لێ بکات و بیکاتە هەوێنی شیعرەکەی خۆی، نەک لە ڕووی دەستی شاعیرێکی دیکەوە کۆپی کاتەوە و ناوی لێ بنێت شیعری هەڵۆ. ئەو وێنە شیعرییانەی خوارەوە باس لە تێڕوانینی چەند شاعیرێک دەکەن لە هەڵۆ. یەک خۆی پێ دەچوێنێ و یەک دڵدارەکەی.

مامۆستا هێمن ئاوا خۆی لە ڕوحی هەڵۆدا دەبینێتەوە.

کوتی ئێوارە بازاڕێ وەرە ماچت دەمێ نەمویست
هەڵۆی کوێستانی کوردستانم و ناژیم بە دەستەندە

ئاسۆش بە دڵدارەکەی دەڵێ:

تۆ هەڵۆی بەرزە فڕی شاری دڵم نزمە لە بۆت
بێ بەڵا بی گوڵەکەم کوا ئەمە جێی ڕاوە بڕۆ

یان چەند نموونەیەکی دیکە لە شاعیرانێکی تر:

خۆ دەزانم هێندە بەرزی قەت بە تۆ ناگا دڵم
من هەڵۆێ ئاسمانی ئەشقم، ئەشقە هێزی باڵمە

(ساماڵ)

شاهەڵۆی ئاواتی شیعرم لانەوازە و تێک شکاو
باڵی هێلانەی کەژی خێڵی تەوارانی نییە

(ئاسۆ)

بێ بژێو ماوە هەڵۆی شاخ و دەراڵ
سیپە جێژوانی پەپوو و کوندانە
لەرزی قامکیی پەلەپیتکەت، سڕ بوو
چاوی سێرەت گڵی لێ میوانە!

(ئەمین گەردیگلانی)

من هەڵۆی لاپاڵی ئەشق و تۆ تەواری بەندەنان
دوندی ئازادی ئەوینە جێم، لە نزمی نافڕم

(یوونس ئەمین پوور)

شاهەڵۆی ئیلهام لەسەر دەریایی هەستم خولدەدا
بەڵکو شاباڵی وەمەوجی قافییەی گەوهەر کەوێ

(هەڵۆ)

کە خۆر پڕشنگی زێڕینی لە سۆ دا
گوڵی ماچی لە شابسکی چرۆ دا
دەروونی چەکچەکیی پڕ کرد لە ماتەم
هەزار موژدەی بە چاوانی هەڵۆ دا

(ئەمین گەردیگلانی)

لاڵ بم نابیستم لە چیا و ڕازان
زێزەی هەڵۆیان چریکە بازان

(سەیفی قازی)

جێی کەلاک خۆر و گەڕ و ڕووڕەش نی
هەڵۆ شابایێ لە بەرزیت دەشنی
ڕەوەزت لانی پڵنگ و شێرە
بۆ ڕەواسە و چەقەڵان هەڵدێرە

(نیما بۆکانی)

پڵنگی سەر شاخ و هەردان
هەڵۆی خوێناوی سەر بەردان

(هێدی)

لە کەژاوەی دڵی شاخا دەخەوت
چەند هەڵۆ هەڵدەفڕی سەردەکەوت
چاوی وەک چاوی هەڵۆ وردبین بوو
پەرچەمی بۆ مل و خاڵ پەرژین بوو

(شیعری قەرەقا)

ئەمانە هەموویان ڕوانگەی جیاوازن بۆ هەڵۆ و هەر کەسە و بە شێوەیەکی تایبەت لە هەڵۆ دواوە. هەرێم و یاسای شیعر ئەم سەربەستییە دەداتە هەموو شاعیرێک چۆنی پێخۆشە لەگەڵ وشەکان مامەڵە بکات و بیانکاتە هەوێنی شیعرەکانی.

شیعرێک کە سەربەخۆ و سەر لە بەر بۆ هەڵۆ نووسرا بێ و هەڵۆ تێمی سەرەکی دەقەکە بێت، سەرەتا لە ئەدەبی کوردیدا شیعرەکەی ((هەڵۆ هەر بەرزە))ی مامۆستا هەژارە.

ئەم شیعرە کە هەم لە باری داڕشتن و هەم لە لایەن زمان و هەم لە لایەن شێوەی پەیامی دەروونی شیعرییەوە شیعرێکی بە تەواوی سەرکەوتوو و بێ کەموکوڕییە و خوێنەرانی شیعری کوردیش زۆر بەڕێزەوە وەریان گرتووە و لە نێو ماڵی ئەدەبی کوردیشدا جێگا و شوێنی تایبەتی خۆی بۆ تەرخان کراوە. هەر کاتێک باسی هەڵۆ لە شیعرێکی کوردیدا بێتە گۆڕێ خوێنەر کوتومت هەڵۆکەی مامۆستا هەژاری بیر دێتەوە. ئەم باسە وا لە مێشکی هەموو تاکێکی کورددا چەسپاوە بە ئاسانیش لێ نابێتەوە.

کە دواتر هەم سوارە ئیلخانی زادە و عومەری حیسامی و هەم عوبەیدوڵڵای ئەیبووبیان ((بڕڕەک)) ئەم شیعرەی هەڵۆیان بە شێوەی ڕوانین و بۆچوونی خۆیان هۆنیوەتەوە و لە بەرۆکی فریشتەی شیعری کوردییان داوە.

سەرەتای شیعری سێ کەسی یەکەم، بێجگە لە بڕڕەک کە کەسی چوارەمە هەر بە وشەی پاییز دەست پێ دەکات. کێشی شیعرەکانیش بێ کەموکورتی یەک کێشە.

١-هەژار

پاییزە دار و دەوەن ڕەنگ زەردە
با تەز و سەردە بە تۆز و گەردە
دیارە لای شەختەیە ناخۆش خەوەرێ
دارە خۆی دەڕێنێ خەزەل هەڵدەوەرێ

٢-سوارە

پاییزە دار و دەوەن بێ بەرگە
دڵ پەشۆکاوی خەیاڵی مەرگە
هەر گەڵایێ کە لە دارێ دەوەرێ
نووسراوێکە بە ناخۆش خەوەرێ

٣-عومەر حیسامی

پاییزە زەردە دەوەن گوڵ ڕووتە
ئاسۆ دڵگیرە چیای دڵ سووتە

سواره‌ی ئیلخانی زاده

شه‌خته بردوویه به تاڵان بۆی گوڵ
دار چزه‌ی هات و به له‌شیابوو به سکڵ

٤-بڕڕه‌ک
وه‌ڕه‌زی گرتی دڵ و گیانی هه‌ڵۆ
کاوی لاوێنی له ده‌ست چوو ئه‌وتۆ
زه‌ردی پاییزی ده‌دی و خۆی ئه‌وتۆ
چوو له بیرانه‌وه بوێ پیره هه‌ڵۆ

هه‌ر چه‌نده من پێم وایه ئه‌وانیش، بێجگه له چه‌ند به‌یتێک، یان کورته ڕوانینێک هیچ شتێکیان به‌و شیعره‌وه زیاد نه‌کردووه و ئه‌گه‌ر ئه‌وانیش نه‌یانووسیباوه ئه‌ده‌بی کوردی له‌و بابه‌ته‌وه هیچ زیانێکی نه‌ده‌گه‌یشتێ و ته‌رازووی ئه‌و باسه به هیچ لایه‌کدا سه‌ری نه‌ده‌کرد، به‌ڵام ئه‌وه‌ی دوای ئه‌و هه‌مووه دووباره‌کردنه‌وه که‌سێکی دیکه دیسان و سه‌ر له نوێ بێت و ده‌ست بداته قه‌ڵه‌م و هه‌ر ئه‌و باسه بێ هیچ زیاد کردنێک بنووسێته‌وه، پێم وا نییه توانیبێتی کارێکی سه‌رکه‌وتووی کردبێت.

له‌م دواییانه‌شدا دیسان چاوم به شیعرێک که‌وت به نێوی هه‌ڵۆ له نووسینی په‌رویز فه‌قری. شیعره‌که‌ی په‌رویزیش ڕاست وه‌ک شیعره‌که‌ی هه‌ژار هه‌ر به وشه‌ی پاییز ده‌ست پێده‌کات:

پاییزه تۆز و ته‌مه دڵ ته‌نگه
په‌له‌وه‌ر مات و کڕ و بێ ده‌نگه
نه گه‌ڵا ماوه له‌سه‌ر پۆپ و چڵان
نه گه‌شه و بۆن و به‌رامه له گوڵان

کۆی چیرۆکه شیعرییه‌که‌ی ئه‌ویش وه‌ک شیعره‌که‌ی هه‌ژار له شه‌ش به‌شدا دارێژراوه. لێره‌دا شیعره‌که‌ی هه‌ژار وه‌ک نموونه ده‌هێنمه‌وه.

١-باسکردن له پاییز و وه‌رزی هه‌ڵوه‌رین و جیا بوونه‌وه و مردن:

پاییزه دار و ده‌وه‌ن ڕه‌نگ زه‌رده
با ته‌ز و سه‌رده به تۆز و گه‌رده
دیاره لای شه‌خته‌یه ناخۆش خه‌وه‌رێ
داره خۆی ده‌ڕنی خه‌زه‌ڵ هه‌ڵده‌وه‌رێ
هه‌وره ڕه‌شپۆش و به گریه و ناڵه
سه‌ره‌تای شیوه‌نی مه‌رگی ساڵه

٢-ترسانی هه‌ڵۆ. ترس له مه‌رگ، تۆقان و له ناو چوون و به‌جێ هێشتنی ژیان و ڕاو و فڕین، پیری و په‌ککه‌وته‌یی مزگێنی مردنی ده‌ده‌نێ. بڕیاری په‌نا بردن بۆ قه‌ل له ترسی مردن:

ژین گه‌لێ شیرنه فیزی ناوێ
بۆ مه‌به‌ست سه‌ر ده‌نه‌وێنم تاوێ

٣-هه‌ڵفڕین و داکشان له به‌رزییه‌وه بۆ نزمی و گه‌ڕان به دوای چاره‌سه‌ری ده‌ردی مردن له لای قاڵاو:

ڕێیه‌کم پێ بڵێ بۆ هه‌رمانم
تۆی له لات ده‌ست ده‌که‌وێ ده‌رمانم
سوێند ئه‌خۆم پاشی هه‌تا بشمێنم
هه‌ر که‌وێ ڕاوی بکه‌م بۆت دێنم

٤- ئامۆژگاری کردنی قاڵاو بۆ هه‌ڵۆ و ڕاسپاردنی بۆ ژیانی نزمی و خواردنی که‌لاکی که‌ری تۆپیو و یاری کردن و ژیان له نێو په‌ین و پاڵی قه‌راغ ئاواییدا:

گفتی من گه‌وهه‌ره بۆت هه‌ڵڕێژم
تاقه دوو ڕێت له به‌ره پێت بێژم
یان له ناو بۆگه‌ن و نزمایی ژیان
یان به سه‌ربه‌رزییه‌وه بسپێره گیان

٥- هاتنه‌وه سه‌ر خۆی هه‌ڵۆ و په‌شیمان بوونه‌وه‌ی له‌و کاره‌ی کردوویه‌تی که په‌نای بۆ قاڵاو بردووه. بڕیاردانی به مه‌ردی مردن نه‌ک حیزانه ژین. ده‌ست ده‌کا به سه‌ر کۆنه کردنی خۆی:

بۆ شتێک ئێسته له خۆم بێزارم
من هه‌ڵۆ بۆ چی به تۆ بوو کارم؟
مه‌رد ئه‌گه‌ر کاری به نامه‌ردانه
ده‌ردی سه‌رباری هه‌موو ده‌ردانه

٦- بڕیاردانی کۆتایی و ڕێگای به‌رزی و به سه‌ربه‌رزی ژیان ده‌گرێته‌به‌ر و نزمی جێ هێشتن و به‌ره‌و به‌رزی

فڕین.

کەوتە خۆ دای لە شەقەی باڵ دیسا
ئاگرێکی لە دەروون داییسا
ڕاستە خۆ بۆ سەر و هەر بۆ سەر چوو
هەردی جێ هێشت و لە هەوران دەرچوو
قەل هەزار ساڵی ژیا بەو تەرزە
سەرنەوی و هێشتە هەڵۆ هەر بەرزە

ئەگەر ڕابردوو وەک خۆی سەیری نەکەین و ئەم شیعرەی کاک پەرویز وەک دەقێکی تازە دارێژراو بێنینە بەر باس، بۆ خۆی بە تەنیایی شیعرێکی سەرکەوتوو و جوانە، لە باری لایەنە هونەرییەکانی شیعریشەوە و لەو بوارەی کە تێیدا نووسراوە هیچ کەموکوڕییەکی تێدا نابینرێت و چیرۆکە شیعرییەکی بە پێز و دڵگرە، بەڵام ئەگەر خوێنەری ئەم دوو دەقە بۆ چەند ساتێک دەست لە خوێندنەوەیان هەڵگرێ و هەردووکیان لەگەڵ یەکدا بەراورد بکات، بە دڵنیاییەوە بەو ئاکامە دەگات کە هەڵۆ کەی پەرویز کۆپییەکی زۆر کاڵەوە بووی شیعرەکەی هەژارە. بە هیچ کلۆجێک نەیتوانیوە بگاتە ئەو ئاسمانەی کە هەڵۆ هەر بەرزەی لێ دەفڕێ.

زۆر جار هەبووە کەسێک دەقێکی بە شێوەیەکی تازە و سەر لە نوێ خوڵقاندووەتەوە، بەڵام باشتر و بە پێزتر و دەوڵەمەندتر لەوانی پێشوو. وەک وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام لە لایەن مامۆستا هەژارەوە. ئەم چوارینانە لە پێشدا لە لایەن مامۆستا گۆران و شێخ سەلامەوە وەگێڕدرابوونەوە سەر زمانی کوردی، بەڵام کاتێک ئەم سێ وەرگێڕانە لەبەر یەکتردا دادەنێی هەموو خوێنەرێک شایەدی بۆ ئەوە دەدات کە وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار لەگەڵ وەرگێڕانەکانی ئەوان جیاوازییان ئاسمان تا ڕێسمانە و دەستی ئەوان ناگاتە داوێنی کارەکەی مامۆستا هەژار، یان هەر ئەم شیعرەی هەڵۆیە کە لە لایەن سوارەوە هۆنراوەتەوە، کەمتر نییە لە کارەکەی هەژار، بگرە لە کۆتایی شیعرەکەدا، کارەکەی سوارە شیرینتر و لەسەر دڵانتر بێت.

ژینی کورت و بە هەڵۆیی مردن
نەک پەنا بۆ قەلی ڕوو ڕەش بردن
لای هەڵۆی بەرزە فڕی بەرزە مژی
چۆن بژی شەرتە نەوەک چەندە بژی

بە دڵنیاییەوە دوای شیعرەکەی هەژار و سوارە ئیلخانی زادە، ئەوەی نووسرا بێ کای کۆن بە با کردن بووە و خۆ هەڵواسینە بە باڵی هەڵۆ و قەڵەمەکەی هەژاردا.

لەم سەردەمەدا کە هەموو کەسێک بە شوێن داهێنانی نوێ و خوڵقاندنی کار و بەرهەمی تازەوەیە، خۆ خەریک کردن بەو کارانەوە کە پێشتر بە باشترین شێوە لە لایەن دەوڵەمەندترین قەڵەمەوە کرابێ، خۆ ماندوو کردن و کات بە فیڕۆدانە. ئێستا کە هەر ڕۆژەی بوارێک و لووتکەیەک تاقی دەکرێتەوە و مرۆڤەکان بێ ترس لە هەڵە و تێشکان دەگەڕێن بە دوای شوێنە تاقینەکراوەکان و جێگا هەرگیز نەدۆزراوەکاندا. ڕێگای تازە و شوێنی نوێ دەبیننەوە، کاتی ئەوە نەهاتووە ئێمەش دەست لەو خۆ جوینەوانە هەڵگرین و ئەوانە وەک خۆیان کە هەن بدەینە دەست مێژوو؟ دیارە تاقیکردنەوەی ئەو ڕێباز و هەرێمە تازانە زۆریش بێ کەموکوڕی نین، زۆر جار بووە زۆر شتی تازە بە زەحمەت و کوێرەوەرییەکی زۆریش گەیوەتە سەرەنجام، بەڵام دەسکەوتی باشی لێ نەکەوتووەتەوە و کەسانێکی تێدا ڕەنج بە خەسار بوون، یان تەنانەت تێشدا چوون، بەڵام مرۆڤ هەر لە گەڕان بە دوای شتی نوێوەیە و دەستبەرداری نەبووە، ئەگەر لە لایەک تووشی تێک شکانیش بووبێت، ئەوە کەسانێکی دیکە هەبوون بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی خۆیان بارەکەیان گەیاندووەتە سەر مەنزڵی مەقسوود و خێروبێریان گەیاندووەتە دەستی مرۆڤ.

بەو هیوایەی ئێمەش دەست لە بە با کردنی ئەم کای کۆنانە هەڵگرین و هەوڵی کێڵان و داشتنمان بێ و چاوەڕوانی ئاوەنیا و ڕەپستەی تازە بکەین، هەتا لە داهاتوودا لە بەروبوویان بحەسێنەوە. بەو ئاواتەوە، بەڵام دەترسێم وشەی کۆتایی بۆ ئەم چیرۆکە زۆر زوو بێ.

سەرچاوە:

١-بۆ کوردستان، هەژار.
٢-خەوە بەردینە، سوارە ئیلخانی زادە.
٣-گەزیزە، ئاسۆ.
٤-کاروانی خەیاڵ، هێدی.
٥-دیوانی سەیفولقوزات، سەیفی قازی.
٦- گۆڤاری ئاوێنە ژمارە، ٢٤-٢٥ ساڵی ١٣٧٥.
٧- گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ١٢٥.
٨- برووسکە، قاسم موئەییەد زادە.
٩- تاپۆی وەرزێکی سەوز، ئەمین گەردیگلانی.
١٠- مەرگە خەون، ئەمین گەردیگلانی.